# یەکشەممەی شین

**بۆ گیانی بەرزی مەرزیەی ڕەزازی ، یاخی بۆ ئەبەد چاوسەوزی گۆرانی کوردی پێشکەشە**

سلێمان عەبدوڵلا یونس

2005/09/18

باخێک بەم هەموو گەڵاو گوڵ پەپولانەوە دەگری

وڵاتێک بەم هەموو کەژ و کێو و باران و شاخانەوە

بەم هەموو ڕۆحی شەهید و هەڵەبجەو بادینانەوە

بەم هەموو مەینەتە و گەرمیانی ئەو پەپولە کوژراوانەوە

بۆ مەرگی گۆرانیەگ سەرسامن

کەلە ڕۆژهەڵاتی زامەوە

بۆیەکەمجار لەلوولەی تفەنگێکەوە بیسترا کە کەچوار چرا نیوەشەوێک

لەیەک کاتدا کردیە شانی مەریوان و سابڵاغەوە

بۆ مەرگی گۆرانیەک سەرسامن

شەوانە لەیەک کاتدا سلێمانی و دیاربەکر دەیان چرێ و چاوی غەریبی یەکتریان پێ دەسترێ

بۆ مەرگی گۆرانیەک سەرسامن

گۆرانیەکی پێشمەرگە

پێشمەرگەیەکی گۆرانی

سرودێکی یاخی

سرودێک شەوانە تەتەری ناو شار و

بەڕۆژیش پێشمەرگە لە شاخی !

سرودێکی یاخی

یاخی لە ڕیشی دێژی ئاخوندەکانی تاریکی

یاخی لە داپۆشینی ئەو گوڵەباخانەی ، مەراقیان سەمایەک بوو بەئازادی

مەرزیە ناوی دووەمی شۆڕشە بەگۆرانی

مەرزیە ناوی دووەمی ڕاپەڕینە بەسروود

مەرزیە ناوی دووەمی ئەوینە بۆ ڕەزازی و کوردستان

یەکشەممەی مەرگی ئەو زامێکی بەسوێیە ،یەکشەممەی شینە بۆ هەموان

slemanyunes@yahoo.co.uk